The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## ئاگاداركردنەوەیەک لە (چاك) ەوە بۆ بەرپرسان ودەسەڵاتدارانی کورد

- بەڕێز مام جەلال سەرۆکی کۆماری عێراق
- بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- بەرێز پەرلەمانی کوردستان
- بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر
- بەرێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
- بەرێزان پارتە کوردستانییەکان

سڵاو ورێز.

بەرێزان، ماوەی 12 ڕۆژە د. کەماڵ سەید قادر بەهۆی نووسینی بابەتێکەوە، لە لایەن دەزگا ئەمنی و حیزبییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە شوێنبزر کراوە، ئەمەش لەگەڵ سەرەتاییترین پرینسیپەکانی دیموکراسی نایاتەوە و پێچەوانەی هەموو ئەو بانگێشانەیە کە بەرێزتان بۆ دەسەڵاتی کوردی دەیکەن.

ئێمە وەك ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاك) ، سەرباری ئەوەی زۆر ڕەخنەمان هەبووە و هەیە لە چۆنییەتی مامەڵەکردنتان لە بەرامبەر تاوانباران، ژیانی پاشماوەی قوربانیان، فایلداران، کەرکووك و شارە تەعریبکراوەکان، تاوانبارانی وەك خەزرەجی و وەفیق سامەڕایی و مەشعان جبوری و. . . . . . . ، کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و گەندەڵی و پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و. . . . . . . . . . . . . . . . . . . چەندین بابەتی تر، لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە بە گشتی تا ئێستا ڕەخنەو داواکارییەکانمان تەنها بەزمانی کوردی بڵاو کردۆتەوە و نەمان ویستووە دەسەڵاتی کوردی (ئەگەرچی لەڕاستیدا دەسەڵاتی ئەوانە نەبووە کە قوربانییان لە پێناویدا داوە) ، لە دەرەوە ناشرین بکەین و لە گشتدا بوونیمان بە هەنگاوێکی باش زانیوە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و قڕکردنی گەلی و کورد.

ئێمە لە نامەیەکی پێشتریشدا بۆ ئێوەی بەڕێز، داوامان کرد کە د. کەماڵ لە دادگایەکی ئاشکرادا کێشەکەی تاوتوێ بکرێت، وەك دەزانن لەگەڵ ڕوخانی بەعسدا دادگای شۆڕشیش (مەحکەمەی سەورە) لە قەفەس نرا و سەرۆکی ئەو دادگایە، بۆ خۆی لەپای ئەو هەموو بڕیارەی بۆ مەرگی زیندانییەکان دابووی، درایە دادگا، ئێستا چۆن دێن دادگای لەو شێوەیە دادەمەزرێننەوە لە کوردستان.

بەڕێزان ؛ ئێمە تا ئێستا گشت تواناکانمان بەکار نەهێناوە بەرامبەر بەم کێشەیە، چاك پەیوەندی لەگەڵ دەیان دەزگا ورێکخراوی بیانی لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە و لەناو کوردەکانی هەندەرانیش متمانەی باشی هەیە، هاوکات پشتگیرییەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد و ڕۆشنبیرانی چەندین نەتەوەی تری لێدەکرێت، لە تواناماندا هەیە کێشەی

شوێنبزرکردنی د. کەماڵ زیاتر لە قاو بدەین و بە ئاگادارکردنەوەی زیاتری دەزگاوڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و لایەنە پەیوەندداەرەکان و. . . . . چالاکیی تر، کێشەکە بگەیەنینە ئاستێکی بڵاتر، بەڵام ئەم هەنگاوە بە باش نازانیین بۆ بزاڤی کوردی، تاکو دوژمنانی گەلەکەمان نەیقۆزنەوە بۆ ناشرینکردنی خەباتی، بۆیە بۆ جارێکی دیکە داواتان لێدەکەین د. کەماڵ ئازاد بکەن و بەرامبەر بە تاکی کورد بە گوێرەی پرینسیپەکانی مافی مرۆڤ هەڵس و کەوت بکەن، کە ماوەیەکە گوێبیستی زەنگێکی مەترسیدار دەبین لە کوردستان. با ئەو بانگەشەیەی دەیکەن بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی تەنها قسە نەبێت، لە عێراقی کراوەدا ناتوانن دەرگای کوردستان لە ئازادییەکان دابخەن.
دووای ئەم ئاگادارکردنەوەیە، چاوەڕوانی وەڵامی فەرمی و بە کردەوەی ئێوەین، خۆ ئەگەر هیچ وەڵامێکیشمان دەست نەکەوێت، ئیتر ئێمە بەرپرس نابین لە هەنگاوەکانی داهاتوو و تەشەنەکردنی زیاتری کێشەکە. دڵنیاش بن، ئێمە دەست لەم داوایەمان هەڵناگرین.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك
2005-11-5
www. chak. info
chak_org@yahoo. com